واتە: هیچ کەسێکی تر بانگ مەکە و لێی مەپاڕێرەوە لە گەڵ خودادا، دەنا لە ڕیزی سزاداران دەبیت. وە پاڕانەوە لە غەیری خوای گەورە بە خودانانی ئەو کەسەیە....

هەروەها خوای گەورە لۆمەی ئەوانە دەکات، کە هاوبەش بۆ خوای گەورە بڕیار دەدەنيَخۡدَعُونَ ذَٰلِكُم بِأَنَّهُۥٓ إِذَا دُعِيَ ٱللَّهُ وَحۡدَهُۥ كَفَرۡتُمۡۖ وَإِن يُشۡرَكۡ بِهِۦ تُؤۡمِنُواْۚ فَٱلۡحُكۡمُ لِلَّهِ ٱلۡعَلِيِّ ٱلۡكَبِيرِ ﴿١٢﴾ هُوَ ٱلَّذِي يُرِيكُمۡ ءَايَٰتِهِۦ وَيُنَزِّلُ لَكُم مِّنَ ٱلسَّمَآءِ رِزۡقٗاۚ وَمَا يَتَذَكَّرُ إِلَّا مَن يُنِيبُ ﴿١٣﴾ فَٱدۡعُواْ ٱللَّهَ مُخۡلِصِينَ لَهُ ٱلدِّينَ وَلَوۡ كَرِهَ ٱلۡكَٰفِرُونَ ﴿١٤﴾ وَمَا (غافر: ١٢ – ١٤).**واتە:** کاتێك بانگ بکرایەن بۆ بڕوا هێنان و پەرستنی خوای تاك و تەنها ، کافر دەبوون و باوەڕتان نەدەهێنا، خۆ ئەگەر هاوبەشی بۆ بڕیار بدرایە ئەوە بڕواتان دەهێنا، جا بڕیار و دادوەری کردن تەنها بۆ خوای بالاّ دەستی گەورەیە.

ئەو خوایەیە نیشانەکانی گەورەیی و تاك و تەنیایی خۆی نیشانتان ئەدات ، هەروەها لە ئاسمانەوە ڕزق و ڕۆزی و بارانتان بۆ دەبارێنیّ، هەموو کەسێك پەند وەرناگریّ، تەنها ئەو کەسە نەبێت بگەڕێتەوە لە شیرك و گوێڕایەڵ بێت بۆ خودا.

جا ئێوەش تەنها هاوار لە خودا بکەن و بە پوختی بیپەرستن ، ئەگەر چی خوا نەناسان و بیّ بڕوایان پێیان ناخۆش بێت.

هەروەها خوای گەورە بە گومڕا و ڕەنجەڕۆ ناوی ئەو کەسە دەبات لە سەر ئەو کەسەی کە لە غەیری خوای گەورە



يَخۡدَعُونَ ﴿١٤﴾ ٱللَّهُ يَسۡتَهۡزِئُ بِهِمۡ وَيَمُدُّهُمۡ فِي طُغۡيَٰنِهِمۡ يَعۡمَهُونَ ﴿١٥﴾ أُوْلَٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ ٱشۡتَرَوُاْ ٱلضَّلَٰلَةَ بِٱلۡهُدَىٰ فَمَا رَبِحَت تِّجَٰرَتُهُمۡ وَمَا كَانُواْ إِنَّ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ سَوَآءٌ عَلَيۡهِمۡ ءَأَنذَرۡتَهُمۡ أَمۡ لَمۡ تُنذِرۡهُمۡ لَا وَمَا (الأحقاف: ٥ – ٦).**واتە:** کیّ لەو کەسە گومڕاترە، کە لە غەیری خوای گەورە دەپاڕێتەوە لە کاتێکدا، کە تا ڕۆژی قیامەت بە دەنگیّوە نایە و وەڵامی دۆعا و پاڕانەوەکانیشی ناداتەوە، چونکە ئەوانە لە پەرستن و هاوارەکەش بیّ ئاگا و غافڵن. کاتێك کە خەڵکی کۆکرانەوە بۆ حیساب بتەکان دەبن بە دوژمنی بتپەرستەکان، جگە لەوەش حاشا لە بتپەرستەکەیان دەکەن.

وە خوای گەورە دەفەرموێت: يَخۡدَعُونَ ذَٰلِكُمُ ٱللَّهُ رَبُّكُمۡ لَهُ ٱلۡمُلۡكُۚ وَٱلَّذِينَ تَدۡعُونَ مِن دُونِهِۦ مَا يَمۡلِكُونَ مِن قِطۡمِيرٍ ﴿١٣﴾ إِن تَدۡعُوهُمۡ لَا يَسۡمَعُواْ دُعَآءَكُمۡ وَلَوۡ سَمِعُواْ مَا ٱسۡتَجَابُواْ لَكُمۡۖ وَيَوۡمَ ٱلۡقِيَٰمَةِ يَكۡفُرُونَ بِشِرۡكِكُمۡۚ وَلَا يُنَبِّئُكَ مِثۡلُ خَبِيرٖ ﴿١٤﴾ وَمَا (فاطر: ١٣ – ١٤).

**واتە:** ئەوە پەروەردگاری ئێوەیە دەسەڵات و پادشایش هەر بۆ ئەوە و هەر لەویش ئەو کارانە دەوەشێتەوە ئەو شتانەش بێجگە لە (خوا) ئێوە (ئەی کافرانی قوڕەیش!) ئەیانپەرستن ، تەنانەت بە ئەندازەی قلّیشی نێو دەنکە خورمایەکیش، یاخود بە ئەندازەی توێژێکی سپی ناسك، کە لە دەوری ناوکەکەدایە، شك نابەن و دەسەڵاتیان نییە، ئەگەر بانگیشیان لیّ بکەن گوێبیستان نابن، وە ئەگەر ببیستن وەڵامتان نادەنەوە، وە ڕۆژی قیامەتیش نکۆڵی شیرك و پەرستنەکەتان ئەکەن بۆ



لەم دەقی قورئان و فەرموودانە دەردەکەوێت گرنگی و شوێنەواری پاڕانەوە لە خوای گەورە و ترسناکی خراپی لە غەیری ئەو بۆ ئەو کەسانەی چاوکراوە و دڵ ڕوناکن بە پەیامە پاکە کە، نەك دڵ بۆگەن و سەرلیّ شێواوەکان و گۆڕپەرستەکان. وە هەر لە بەر گرنگی پاڕانەوەیە لە بیرو باوەڕی ئیسلامیدا خوای گەورە هەڕەشە لەو کەسانە دەکات، کە پاڕانەوەیان لە غەیری خودایە یان خۆبەزل زانن و لە خوا ناپاڕێنەوە بە شادبونیان بە دۆزەخ و سەر شۆڕبونیان تێیدا.

خوای گەورە دەفەرموێت: يَخۡدَعُونَ إِنَّ ٱلَّذِينَ يَسۡتَكۡبِرُونَ عَنۡ عِبَادَتِي سَيَدۡخُلُونَ جَهَنَّمَ دَاخِرِينَ ﴿٦٠﴾ وَمَا (غافر: ٦٠).

**واتە:** بێگومان ئەوانەی خۆ بە گەورە دەزانن لە پەرستنمدا بە سەر شۆڕی و بە بچووکی دەچنە ناو دۆزەخەوە.

هەروەها پەیمانیشی داوە بە چوونە ناو ئاگری دۆزەخ بۆ هەر کەسێك جگە لە خوای گەورە بپاڕێتەوە وە کو لەم فەرموودەیەدا هاتووە: ((مَنْ مَاتَ وَهْوَ يَدْعُو مِنْ دُونِ اللَّهِ نِدًّا دَخَلَ النَّارَ)). **واتە:** هەر کەسێك بمرێت و بەهەر شێوازێك بپاڕێتەوە لە غەیری خوای گەورە ئەوە دەچێتە دۆزەخەوە.

**ئەو سوودانەی لەم فەرموودەیەدا وەردەگیرێت :**

١–شوێن و پایەی پاڕانەوە کە ئەویش گەورەترین پەرستنە لای خوای گەورە.

٢–پاڕانەوە بێجگە لە خوای گەورە هاوبەش بڕیار دانە و ستەمێکی گەورەیە.

٣–هەر کەسێك لە غەیری خوای گەورە بپاڕێتەوە، ئەوە پاداشتی نییە تەنها دۆزەخ نەبێت، ئەگەر لە سەر ئەو شێوازە